**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**    **بەناوی گەلەوە**

**بـڕیــار**

**ژمارە ( 4 )ی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو پێمان دراوەو ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (9) لە 2014/6/16 بڕیارماندا بە دەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2014**

**یاسای درێژەدان بەکارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر**

**ژمارە ( 3 )ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم :**

درێژەدانی کارکردن بەحوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 تا 2016/7/16.

**ماددەی دووەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لەرێکەوتی 2014/7/17 وە جێبەجێ دەکرێت و ، لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**مســعود بــارزانــی**

**ســەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر**

2014/6/24

**هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

بۆ پاراستنی سەرو ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی هەرێم و ئاسودەیی و سەقامگیریان و ، بەهۆی بەردەوامی مەترسیەکانی تیرۆر و بەرەنگاربوونەوەی ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

## بـڕیـار

**ژمارە ( 8 )ی ساڵی 2014**

**پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە(9)ی ڕۆژی 2014/6/16 دا ئەم بڕیارەی دا:**

**یەکەم: ناوی ئەم ئەندامانەی پەرلەمان کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە دەخرێتە سەر ئەو لیژنانەی بەرامبەر ناوی هەر یەکەیان هاتووە.**

| | |
|---|---|
| 1- ڤیان عباس عمر | لیژنەی دا کۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت |
| 2- شیلان جعفر علی | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان |
| 3- کەژاڵ هادی فقێ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان |
| 4- ئاواز جەنگی بورهان | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان |
| 5- مردان خدر مصطفی | لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی |
| 6- زوزان صادق سعید | لە هەردوو لیژنەی ( پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ) و ( لیژنەی مافەکانی مرۆڤ ) |
| 7- نجات محمد عبدالله | لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن. |
| 8- بشار مشیر اسماعیل | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژاڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان |
| 9- محمد صادق سعید | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی |
| 10- شیرین حسنی رمضان | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و ، وەبەرهێنان. |

**دووەم : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە 2014/6/16 ەوە جێبە جێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) یشدا بڵاودەکرێتەوە.**